دەریا بەرینەدا بتوانێ پاپۆڕی نەجات بە ڕوخ بگەیەنێت. تیرۆر و تەقاندنەوەی شوێنە گشتییەکان و تۆقاندنی خەڵک، بێحورمەتی کردن بە مافی مرۆڤ، خۆبواردن لە دیپلۆماسی جیهانی بە پشتبەستن بە تیۆریی دڵخۆشکەرانەی نەگونجاو لەگەڵ کێشەی کورد و سەرئەنجام پشتبەستن بە سیاسەتی دەوڵەتە داگیرکەر و کۆنەپەرستەکانی کوردستان، جگەلە زیان گەیاندن بە بزوتنەوەکانی کورد، سودێکی تری نییە.

کورد بۆ ئەوەی سەرکەوێت، دەبێ بە چنگ و ددان ئەزموونی باشوری کوردستان بپارێزی و بە هەموو شێوەیەکی بەرگریی لێبکات. هەوڵبدات لەنێوان هێزە سیاسییەکانی ئەو هەرێمەدا ئاشتی جێگیر بێت و بە ئاشتی و دیموکراسی ئەرکەکانیان بەجێ بگەیەنن.

حامید گەوهەری
١٩٩٩/٨/٢٥

**بینیم، بۆ بوو بە دەرسێک کە جارێکی تر بەهیچ شێوەیەک خۆم دەست. ئەوە وایکرد هەرگێز خۆم نەدەمە دەست و نەگیرێم.)**

ئوجەلان زیندانی بوونەکەی بە وانەیەک بۆخۆی دەزانی کە ئیتر بەهیچ شێوەیەک نەگیرێتەوە و خۆی بەدەستەوە نەدات، بەلام بەپێچەوانەوەی ئەو گوتنەی، بە دوای ئازادبوونی لە زیندان، لە ساڵی ۱۹۷۲دا لەگەڵ حەقی قەرار و کەمال پیر لە زانکۆی ئەنکارا گروپی ئایدیۆلۆژی لەسەر بنەمای تیۆریی مارکس و لێنین دادەمەزرێنێ. لە هەمان کاتدا دەوڵەتی تورکیا بۆ کۆنترۆڵ کردنی خوێندکارە نارازییەکان، کۆمەڵەیەک لە خوێندکارەکانی لایەنگری خۆی بە ناوی کۆمەڵەی خوێندنی باڵای دیموکراسی ADYOD ئانکارا دادەمەزرێنێت.

هەروەها ساڵی ۱۹۷٤، کوردانی بیر چەپیش ڕێکخراوێکی نهێنی بەناوی بیرۆی کلتوری شۆڕشگێڕی ڕۆژهەلات DDKD پێکدێنن. هەڤاڵ جومعە باس لەوە ناکات کە داخوا گروپەکەی ئوجەلان ماوە یان نا، بەلام دەڵێت ئوجەلان و هەڤالانی لە جیاتی هاوکاریی کردنیان لەگەل بیرۆی کلتوری شۆڕشگێڕی ڕۆژهەلات کە هی کوردە بیر چەپەکان بوو، دەچن لە کۆمەڵەی خوێندنی باڵای دیموکراسی ئانکارادا دەبن بە ئەندام کە بە وتەی هەڤاڵ جومعە سەربە دەوڵەت بووە و دەڵێن:

**(ئەگەر چووباینە ناو ئەو ڕێکخراوە، بزووتنەوەی چەپ لاواز دەبوو).**

لێرەدا جومعە دوو خاڵی ڕوون نەکردۆتەوە: ئایا ئەندامانی بیرۆی کلتوری شۆڕشگێڕی ڕۆژهەلات چیان بەسەرهاتووە؟ ئایا چوونی ئوجەلان و سێ ئەندامەکەی تری گروپەکەیان بۆ ڕیزی کۆمەڵەی خوێندنی باڵای دیموکراسی ئانکارا، بۆ ئەوە نەگەڕاوەتەوە کە ئوجەلان لە ساڵی ۱۹٦٦وە تا ساڵانی ۱۹۷۷- ۱۹۷۸ لە خزمەت دەوڵەتی تورکیادا بووە؟ ئایا ئوجەلان بۆ بەرژەوەندیی دەوڵەت نەچۆتە ڕیزی ئەو کۆمەڵەیە کە بە وتەی جەمیل بایک سەربە دەوڵەت بووە؟ بەڕاستی ڕوونکردنەوەی ئەو ڕووداوانەی پێویست بوو کە مرۆڤ

سەیر ئەوەیە کە سەلاحەدین دەمیرتاش هاوسەرۆکی پارتی ئاشتی و دیموکراسی ب.د.پە کە لایەنگریی لە ئۆجەلان و پ.ک.ک دەکات. لە ڕەوتی وتووێژەکانی نێوان دەوڵەتی تورکیا و لایەنی کورد و پ.ک.ک و عەبدوڵا ئوجەلان دا لە مانگی نۆیەمی ساڵی ٢٠١٣دا کە پێکهێنانی کۆنگرەی نەتەوەیی دواخراو، هەمان وتەی ئوجەلانی دووپات کردەوە و ڕایگەیاند: (ئێمە وەک پارتی ئاشتی و دیموکراسی باوەڕمان بە دەوڵەتی تاک نەتەوە نییە.) لە هەمان کاتدا پ.ک.ک ڕایگەیاند لە فەلسەفەی ئۆجەلاندا سەربەخۆیی بۆ کوردستان نییە.

پ.ک.ک لە بەرامبەر ئەو داخوازەی دا بۆ باکوری کوردستان لە دەوری چالاکییەکانی خۆی نەوەستاوە. هەروەک پێشتر پ،ک.ک ی بۆ باشوری کوردستان دامەزراند و دواتر ناوی گۆڕی بۆ پارتی چارەسەریی دیموکرات کوردستان. ئەو پارتە لە هەڵبژاردنی مانگی ١٠ی ٢٠١٣دا بۆ پەرلەمانی کوردستان تەنیا ٣٦٠٥ دەنگی هێنایەوە.

هەروەها پارتی ژیانی کوردستانی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دامەزراند کە ئەو پارتە خاوەن تاکتیکە و ستراتیژیی نییە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە ڕۆژئاوای کوردستانیش پارتی یەکێتی دیموکراتی دامەزراندوە کە بەرگری لە بەشار ئەسەد و حیزبی بەعسی سوریا دەکات لە بەرامبەر خواستی زۆرینەی کورد ئەو بەشەی کوردستاندا

پەکەکە، بابەتێکی لە دژی پارتی دیموکراتی کوردستان بڵاو کردووەتەوە و تێیدا ئەوپەڕی دوژمنکاری و شێواندنی مێژوو و لەکەدارکردنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان هاتووە. لە وتارێکیشدا "عەلی سەلیم" وەڵامی ئەو بابەتەی فوراتنیوزی داوەتەوە.

لەم وتارەدا عەلی سەلیم نووسیویەتی:

بەشێوەیەکی بێسەرووبەر باسی ڕووداوە مێژووییەکانی کردووە. ئەم شرۆڤەییە لە نووسینی دوژمنێکی داخلەدڵ دەچێت کە تاکە هیوای کولاندنەوەی برینەکان و قووڵتربوونی درزەکان و زیندووکردنەوەی شەڕی ناوخۆ و دووبەرەکییە. ئەو ئاواتەی کە تەنیا دوژمن و داگیرکاری کوردستان شەو و ڕۆژ نەخشەی بۆ دەکێشێت و جێگەی داخە لایەنێکی خۆبەکوردزان ئەوەها لەپێناو چەواشەکردنی ڕای گشتی دەستی بۆ دەبات. نووسینەکە ئەوەندە دوژمنکارانە بوو وا چاوەڕواندەکرا بەرپرسانی پەکەکە ڕوونکردنەوە بدەن و داوای لێبووردن لە خەڵکی کوردستان بکەن بەڵام بێدەنگییان بە مانای پاڵپشتیی ئەوان دێت بۆ ئەم دوژمنکارییە. بۆیە لەشوێن خۆیەتی وەڵامیان بدرێتەوە و ڕیسوا بکرێن و تاوانەکانیان لەدژی خەڵکی کوردستان ئاشکرا بکرێن.

پەکەکە چۆن ئەو مافە بەخۆی دەدات سووکایەتی بە ئیرادەی گەلێك بکات کە یەك سەدەییە بێوچان لەپێناو پاراستن و کەرامەتی خۆی خەبات دەکات؟ چۆن ڕێگەی بەخۆی دەدات دوژمنایەتیی لایەنێك بکات بەسەدان هەزار قوربانیی بەم خاکە بەخشیوە و پێشەنگی بزووتنەوەی

ڕزگـاریخوازی کـوردە؟ ئەگەر سـەرکردە تونـدڕۆ و سەرلێشـێواوەکانی پەکەکە تۆزقاڵێـك مەردایەتـی و ڕۆحـی کوردایەتییـان هەبـا بەمجـۆرە نمەك حەرام نەدەبوون و ئەوها بێباکانە پەلاماری مێژووی میللەتێکی ستەمدیدە نادەن؟

خەڵکی کوردستان باش لەوە تێدەگات کە باڵی توندڕۆی پەکەکە چییە و بـۆ چـی دروسـت کـراوە و چ ئەرکێکـی پێڕاسـپێردراوە. نە ئامـانجێکی ڕوونیـان هەیە و نەبـۆ خەڵـك ڕوون دەکەنەوە کە بەدوای چیدا وێڵـن و نەیش لە واقعدا هیچ دەستکەوتێکیان بۆ گەلی کورد مسۆگەر کردووە. ئەوەتـا لە ڕۆژئـاوا بـوونەتە داردەسـتی ڕژێـم و پاسـەوانی بەرژەوەندییەکانی بەعسن و شەڕی بۆ دەکەن. لە باکوور هیچ شتێکی مەلمووسیان بۆ گەلی کورد وەدەستنەهێناوە. پێشتریش هەتا توانیویانە خەڵکـی کوردیـان کوشـتوە و هاوڕێکـانی یەکتریشـیان لە ئەوڕووپـا و کوردسـتان و شـوێنەکانی دی تیـرۆر کـردووە. ئەوەنـدە مخـابەڕاتی دەوروبەر نفووزی لەنێویاندا هەیە نەیانتوانیوە ببنە خاوەنی قەراری خۆیـان. ڕۆژانە لەپێنـاو بەدیهێنـانی ئەجێنـدای داگیرکـاران هەر فرسەتێك بۆ گەلی کورد بهێتە پێش ئەوان دێن و هەوڵ دەدەن تێکی بـدەن. بـوونەتە تفەنگێکـی ئامـادە بـۆ ئەوەی هەر ڕۆژەو داگیرکارێـك بەکرێی بگرێت. پەکەکە حزبێکی تێکدەرە ئەرکی سەرەکی تێکدانی ئەو دەرفەتـانەیە کە لە هەر چـوار پـارچەی کوردسـتان بە خـوێن و بە قوربانیدان بۆ گەلی کورد هاتوونەتە دی.

بۆ ناسینی زیاتری ئەم ڕێکخراوە سەیروسەمەرەیە کە هیچ ئامـانجێکی ڕوونـی بۆ گەلـی کورد پـێ نییە جگە لە بەلاڕێبـردن و سەرلێشێواندنی هاووڵاتیانی کوردستان دەکرێ ئاماژە بە چەند خاڵێك بکەین:

- پەكەكە لە بنەڕەتدا بۆ ئەوە دروست بووە دژایەتیی هزری نەتەوەیی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی كورد بكات. هیچ هەنگاوێكی لە بەرژەوەندیی گەلی كورددا نەبووە. ناتوانن بە خەڵك بڵێن ئەوە دەستكەوت و سەروەرییەمان بۆ گەلی كورد بەدەست هێناوە.

- لەڕووی تەنزیمییەوە هەر لەسەرەتا ڕێكخراوێكی ترسناك و تۆقێنەر بوون. منداڵ و هەرزەكارانیان فریو دەدا و مێشكیان بە ئایدیۆلۆژییای نانەتەوەیی دەشۆرد. لەناو ڕێكخراوەكەیاندا ئازادی بوونی نییە و ئەندامەكانی تەنیا وەك ئامرازێكی بێڕۆحن لە خزمەتی سەركردەكانیاندا. لەناو ئەم ڕێكخراوە ترسناكەدا هەر كەس واز بێنێ سەرەنجامی كوشتنە و ئێستا ژمارەیەكی زۆریان هەر لەناو پەكەكەن بەڵام لەژێر هەڕەشەی كوشتنن چونكە دژی سیاسەتی سەركردەكانی ئەم ڕێكخراوەن. لەوانە دەكرێ ئاماژە بە چەند ناو بدەین ( عوسمان ئۆجەلان. نیزامەدین تاش ناسراو بە بۆتان. محەمەد عبدالرحمان ناسراو بە محەمەد شرنەخی. تاهر شرناخی كە ناوی نهێنی قاسمە. مسعود حسن كە ناوی نهێنی ئاراراتە. ڕووبار چەلی. چەكدار هەكاری و دەیان كادیری دی. تا ئێستا 5100 ئەندام و چەكداریان بەهۆی سیاسەتە چەوتەكانی پەكەكە وازیان هێناوە بەڵام هەڕەشەیان لەسەرە. لەوانە دەكرێ ئاماژە بە چەندین ناو بكەین (د. علی ئەندامی پێشووی كۆمیتەی كۆنسەی (HPG) و دیجلە ئاندۆقی خێزانەكەی و خدیجا ئەندامی پێشووی كۆمیتەی كۆنسەی (HPG) و ئامەد هەولێری ئەندامی پێشووی كۆمیتەی سیاسیی پەكەكە و كاركو سلێمان بەرپرسی پەیوەندییەكانی پەكەكە لە ڕوسیا و د. سلیمان و زكی بچووك ئەندامانی پێشووی كۆنسەی كادەك و كەسیرە یەڵدرم ناسراو بە فاتیمە و ماهر وڵات و مەلا ڕەشید بەرپرسی پێشووی كڕینی كەلوپەل لە ناوچەی قەرارگای زاپ و هۆزان ڕۆژهەڵات ئەندامی پێشووی دەستەی كارگێڕیی پژاك و دەیان كادیری دیكە.

- مێژووییەکەیان پڕە لە تیرۆر و کوشتنی خەڵکی بێگوناح و تەنانەت تەسفیە و کوشتنی کەوادیری خۆیان لەوانە دەکرێ ئاماژە بەم ناوانە بدەین: (کمال شاهین ناسراو بە کمال سوور ئەندامی سەرکردایەتییان بووە ساڵی 2005 لە سلێمانی کوژرا. ناسر سەرگەورە ناوی راستەقینەی فارق بوزورگ بوو لە 2000 لە قەندیل کوژرا. ابراهیم زەرد بەرپرسی پاراستنی جەوهەری لە 2005 لە ناوچەی زاب کوشتیان. ئاپێ حس ئەندامی کۆنسەی (HPG) لە 2012 پەکەکە کوشتی. خەلیل کایا یان جمالە کۆر لە 1987 لە لوبنان کرایە جێگری ئۆجەلان بەڵام هەر خۆیان کوشتیان. دلبرین لە 1998 بە فەرمانی مستەفا قەرەسوو لە گادەر کوژرا .هاروون عبدالرحمان یان هاروون سەرمەزن لە 2009 لە ناوچەی خنێرە بەدەستی پەکەکە کوژراوە. کانی یلماز و سەبری توری لە 11-2-2006 پەکەکە لە سلێمانی تیرۆری کردن و دەیان و بگرە سەدان کادیری دیکەی پەکەکە کە بوونەتە قوربانیی تەسفیەی سەرانی پەکەکە.

- بەشێوازی جۆراوجۆر خزمەتی ڕژێمە داگیرکارەکانیان کردووە. پەیوەندیی زۆر ئاڵۆزیان لەگەڵ موخابەڕاتی دەورووبەردا هەیە.

- دژی پڕۆسەی ئاشتین. لەهەر شوێنێك ئاشتی سەر بکەوێت ئەوان لەناو دەچن.

- ماوەیەکی دوورودرێژ لەگەڵ سەرکردە توندڕۆیە سەربازییەکانی سوپای تورکیا (ئەرگەنەکۆن) بە نهێنی ڕێککەوتنیان هەبوو بۆ ئەوەی شەڕ بەردەوام بێت بۆ ئەوەی بەرپرسە گەندەڵە سەربازییەکانی سوپای تورك بەردەوام بن لە دزینی پارە و پەکەکەش بەردەوام بێت لە مافیگەری و بازرگانیی موخەدەرات.

- هەڵسوکەوتی نەشیاوی پەکەکە کاریگەری خەراپی لەسەر ناوبانگی کوردیش داناوە. زۆربەی وڵاتە ئازاد و دیموکراتەکان پەکەکە بە ڕێکخراوێکی مافیایی و تێکدەر و تیرۆریست و تلیاکفرۆش دەزانن.

- بە دەیان ئەندام و کادیریان لە زیندانەکانی ئەوڕووپا بە تۆمەتی کوشتن و بازرگانیی موخەدەرات لە زیندان دان.

- لە گوندەکان بەزۆر سەرانە و پارەیان لە خەڵك وەرگرتووە.

- لەبزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی باشوور زۆر موستەفید بوون و یارمەتی دراون بەڵام ئەوان نمەکحەرامییان کردووە و لە زرووفی زۆر هەستیاردا شەڕیان بە باشوور فرۆشتووە.

- هەمیشە لەبەرانبەر بێگانەدا تەنانەت لە بەرانبەر پۆلیسێکی سادەی بیانیدا سەرشۆڕ و ترسنۆك بوونە بەڵام خۆیان بە حاکمی کوردستان دەزانن و کەڵەگاییان بەسەر خەڵکی کورددا کردووە.

- زۆربەی سەرکردەکانیان کوردی نازانن کەچی لافی کوردایەتی لێ دەدەن.

- ئۆجەلان لە کاتی گیرانیدا دەیتوانی ببێتە قارەمان و مێژوو بۆ خۆی تۆمار بکات بەڵام زۆر ترسنۆکانە گوتی دایکم تورکە و دەبێ بگەڕێنەوە بۆ ڕێبازی ئاتاتورك. لەهەموو ژیانیدا ڕۆژێك لەگەڵ گریلاکانی نەژیاوە تەنیا لە دیمەشق و دۆڵی بیقاعی لوبناندا بووە و گوێی لە تەقەی شەڕ نەبووە.

- ساڵانێکی دوورودرێژە باڵی توندڕۆی پەکەکە بە نیازە لە هەموو بەشەکانی کوردستان گرفت دروست بکات. ئەوان لە باکوور یەك

دەستکەوتیان بۆ گەلی کورد بەدەستنەهێناوە. زۆرجار بوونەتە مایەی گرفتی گەورە بۆ خەڵك. ئەوەی ئەوان لە دژی کوردستان کردوویانە هیچ دوژمنێك نەیکردووە. ئەوان ڕێك ئەو شتە دەکەن کە لە قازانجی داگیرکارانی کوردستانە.

- بۆ سەلماندنی نۆکەرایەتیان بۆ بەعسی عێراق چەند پێشمەرگەی باشووریان تەسلیم بەو رژێمە کرد وەکو محەمەد حەمدی و ئیدریس (ئەحمەد کادیر) و نزار محەمەد خرابی و سەعدوللا ئاقدەل و خالید وەرملی و نزمی وەرملی کە لەدوای شاڵاوی بەدناوی ئەنفال لە دژی گەلی کورد ئەم شۆڕشگێڕانەیان دایە دەست ڕژێمی بەعسی خوێنڕێژ. هەروەها ژن و منداڵی گوندی دێزۆ کە بێگوناح بوون و شەهیدیان کردن و پاشان لەنێو خانووەکانیاندا سووتاندیان. زۆر نامرۆڤانە دەیانجاری دیکەش ژن و منداڵی گوندەکانیان لە هەموو پارچەکانی کوردستان دزیوە و کەس نازانێ چارەنووسیان چی بەسەر هاتووە. بەهۆی ئەو مینانەی لەسەر ڕێگا و بانەکان و لەنێو کانیاوی گوندەکانی کوردستانیان دادەنا دەیان ژن و منداڵی کورد شەهید بوونە و سەدانی دیکەش بێ دەست و قاچ بوونە.

- لەساڵی 1993 دیاردەیەکی مەترسیدار لە باکوری کوردستان سەری هەڵدا ئەو دیاردەیە ناوی لێنرابوو، "بکەری نادیار" تیرۆر ئەنجام دەدرا، هیچ شوێن پەنجەیەکی لە تاوانەکەدا بەجێ نەدەهێشت. ئەو ڕێکخراوەی کە ئەو جۆرە تیرۆری ئەنجام دەدا ناوی کۆنترا گەریلا بوو کە بەسەدان نووسەر و چالاکوانی سیاسی و مەدەنی و سەرکردەی حزبی کردبووە ئامانج، یەکێك لە نمونەکانی تیرۆری بکەری نادیار کوشتنی تۆرگوت ئۆزال و ئەشرەف بدلیسی بوو. ئەو ڕێکخستنە،

لەنێوان دەوڵەتی تورکیا و پەکەکە بناغەی خۆی قایم کردبوو، ئەو تاوانە بەهاوبەشی و ئاسانکاری لەنێوان ئەرگەنەکۆن و کۆنترا گەریلا پەیرەو دەکرا، تاوانەکان لەرووی سیاسیەوە خزمەتێکی زۆری دەوڵەتی ئەو کاتی تورکیا و باڵێکی توندرەوی ناو پەکەکەی دەکرد، لە ساڵی 1993، ئەشرەف بدلیسی و تورگوت ئۆزال، دەستێکی ئاشتیان بۆ چارەسەری کێشەی کورد لەگەڵ ئۆجەلان درێژ کرد، بەڵام کەسێك بەناوی مەحموود یڵدرم، لەگەڵ باڵە توندرەوەکەی پەکەکە، بەشێوەیەکی راستەوخۆ کاریان لەسەر تێکدانی ئەو ئاگربستە کرد، چونکە ئامانجی هەردوولا لە سەر ئەو بنەمایە هەڵێنجرابوو، کە چۆن تۆرگوت ئۆزال و ئەشرەف بدلیسی لەناو ببەن ئەوە بوو پیلانێکی هاوبەش لهنێوان باڵێکی توندرەوی پەکەکە و ئەو رێکخستنە بەناوی کۆنترا گەریلا، کە راستەوخۆ لەژێر چاودێری مەحموود یڵدرم بەرێوە برد.

- گەلی کورد خۆشحاڵ بوو کە کۆنگرەی نەتەوەیی دەبەسترێ. دەستە موخابەراتییەکانی ناو پەکەکە خێرا کەوتنەخۆ و بەکرێگیراوێکی وەك جمیل بایکیان کردە سەرۆکی کەجەکە بۆ ئەوەی ئەرکی تێکدانی کۆنگرەی نەتەوەیی بگرێتە ئەستۆ. ئەو کادیرانەش کە نەتەوەیی و نیشتیمانپەروەر بوون لادران.

ئەوە بوو مشتێك لە خەرواری تاوانەکانی پەکەکە کە دەرهەق گەلی کورد و ئەندامەکانی ئەنجامیان داوە.

See more at: - http://peyamner.com/PNAnews.aspx?ID=324500#sthash.FyL8GjfI.dpuf

